# دوو قەترە فرمێسك

شیعری: محەمەد کوردۆ

## بەئەنفالکراوەکان پێشکەشە

رووومەتی سۆپاکە ئاڵ داگەڕاوە
چراکەش بەهێمنی دەسووتێ
تۆش پرچت بەشانتا داداوە
ئای خانمی وڵاتی مەم و زین
ئێستا سەرت ئۆردووگایە بۆ خەم،
دڵت بارەگایە بۆ برین..
ئێستا بەدەم نیگەرانی دەروونتەوە
پەنجەی زەڕنەقووتەت
لەلاجانگت ئەساوی..
ئێستا تۆش وەکو سۆپاکە داگیرساوی..
کچە بچووکەکەت رادەپەڕێ
بەدەم خەوەوە چەن شتێك دەڵێتەوە:
شێتانە لێت دەپرسێ:
- دایە ئەوە زیندانییەکانیش بەربوون
ئەی باوکم کەی دێتەوە؟!
(پاش بێدەنگییەکی کەم):
- دایە ئەوە بۆ دەگری؟!
دوو قەترە فرمێسك لەچاوانتەوە دەڕژێن
یەکێکیان دەتکێتە سەرگۆنای ئەو..و
ئەوەکەشیان لە چاڵی چەناگەتا هەڵدەگری..
- دایە باوکم کەی دێتەوە؟!
- دایە ئەوە بۆ دەگری؟!

1991/12/25

mhamadkurdo@yahoo.com